# بەدووری نازانم نەصیر شەمەش بانگهێشتی کوردستان بکرێت

گۆران هەڵەبجەیی



ئێمەی کورد زۆرجار لە پێناسەکردنی دۆستەکانماندا زێدەڕۆیی دەکەین،بەوەی هەرکەس ووتارێک یا دوودێڕ شیعر یا دووقسەی چاکی نێو میدیای بۆکردین، ئیدی دەیخەینە خانەی دۆستانی ژمارەیەکەوە .
چەندنمونەیەکی زیندو لەبەردەستان ،ئەویش بانگهێشتکردنی چەند کەسانێک لە ڕووناکنبیرو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی عەرەب وتورک بۆ کوردستان و بردنیان بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکان وەک مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەو مەزاری بارزانی نەمرو تاد.
وێرای ئەمەش لە هۆتێلە { ڕاقی}یەکاندا دەیانخەوێنن وگەشت وسەفای چاکیشیان بۆ سازدەکەن. وەلی زۆریک لەوانە سپڵەو نمەک حەرام دەردەچن و هەر بە گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان بەناشیاو ترین شێوە لەبارەمانەوە دەدوێن و لەسەرمان دەنووسن.
هۆکاریش ئەوەیە کە ئێمەی کورد تا ئێستا خوێندنەوەیەکی درووست و هەڵسەنگاندنێکی ووردمان بۆ پێێناسەکردنی دۆست نیە.
کەس بە تاکە دەربڕینێک لەسەر مەسەلەیەکی تایبەت و پەیوەندیدار بە میللەتی کوردەوە نابێتە دۆست. دۆستایەتی هەڵوێستە، پشتگیری بەردەوامە، دەربڕینی هەستی مرۆڤانەیە، چەختکردنی هەڵوێستی سیاسی هەمیشەییە لەهەموو بارو دۆخێکدا.
گەلی کورد کۆمەڵێک دۆستی بەوەفاو ئەمەکداری لە جیهان بە گشتی و نێو ڕووناکبیران و بەهرەمەندانی عەرەبدا بەتایبەتی هەیە کە بەردەوام هەڵوێستی جوامێرانەیان لەمەر دۆزی نەتەوەکەمان نواندووە، لە ئاکامی ئەم هەڵوێستەشیاندا زۆرجار بووەتە مایەی دژایەتی کردن لەلایەن عەرەبە شۆفێنزمەکانەوە، لێ ئەوانە بەموویەک هەڵوێستی دۆستانەیان لەق نەبووە، چونکە بەڕاستی دۆستن و ڕۆژێکیش چاوەڕێی پاداشت نەبوون، تەنانەت هەندێک لەوانە تا ئێستا کوردستانیشیان نەدیوە، پشتگیریشیان بۆ ئێمە لەئاکامی عەدالەتی دۆزەکەمان و دیرۆکی پرتراجیدیامانەوە هاتووە.

ماوەیەک لەمەوبەر لە ماڵپەڕی کوردستان نێتدا نووسینێکی کاک مەجید دڵنیام خوێندەوە بەنێوی [ئایا کازم ساهر شایانی بانگهێشتکردنە بۆ کوردستان؟]
کاک مەجید باس لەوە دەکات کە لایەنە فەرهەنگیکانی کوردستان کازم ساهیریان بۆ کوردستان بانگهێشت کردووە تا کۆنسەرت سازبکات. پاشان باس لە هەڵوێستی ناشەریف و شۆفینیستانەی کازم دەکات بەرامبەر بە کورد،تا ئەو رادەیەی بێ شەرمانە بەکورد دەڵێ تورک.
دواجار دەڵێت گەر هونەرمەنێک ئەوە هەڵوێستی بیت بەچ پێوەریک بەنیازن بانگهێشتی کوردستانی بکەن؟
هەر دوای خوێندنەوەی ئەو بابەتە هەڵوێستی سیاسی دژ بە کوردی هونەرمەندێکی مووزیکژەنم هاتەیادو بەخۆمم گووت گەر دەزگا فەرهەنگیەکانمان کازم ساهر بانگهێشت بکەن بەدووری نازانم ئەمیش بانگهێشت بکەن.
ئەم هونەرمەندە ناوی نصیر شەمەیە بەڕەچەڵەک کوردی فەیلییە، لە دایکبووی بازێری کووتە.
لەڕووی هونەریەوە تابڵیی لێهاتوو بە توانایە عودژەنێکی بەناوبانگە، لە جیهانی عەرەبیدا پێگەیەکی هونەری بەرزی هەیە، بەردەوام کۆنسەرتەکانی گەرمووگوورن. وێرای ئەمانە خاوەنی خوێندنگای تایبەتی خۆیەتی لە وڵاتی میسر، کە وانەی ئامێری عودی تێدا دەڵێتەوە.
لەکن من هەر بەهرەمەندێک مەردانە هەڵوێستی خۆی لەمەڕ نەتەوە چەوساوەو ماف خوراوەکان بەڕاشکاوانە بەیان ناکات و پشتگیریان لێنەکات من هونەرەکەی بە پولێک ناکڕم. {لێرەدا مەبەستم لەهونەرمەندانی کورد و عەرەب و تورک و فارسە}
ئەی مەسەلەکە چۆن دەبێت گەر هاتوو ئەو هونەرمەندە بێ هەڵوێستە کورد بێت؟
بابزانین نەصیر شەمە هەڵوێستی بەرامبەر بە کوردچۆنە؟ بەراورد لەگەڵ بۆچوونی لە دۆزی عەرەب بەگشتی و گەلی فەلەستین بە تایبەتی.

زۆرجار بەبۆنەو بێ بۆنە باسی چەوساندنەوەی فەلەستینیەکانی کردووە،{کەمن دژی ئەوەنیم و ئومێدەوارم ڕۆژێک بگەن بەئامانجی خۆیان} زۆرجاریش بەحەماسەوە لە دۆخی ناهەمواری عەرەب دەدوێت و فرمێسکیان بۆ دەڕژێت. تەنانەت چەندین پارچە مووزیکی بۆ بۆنەو ڕووداوو کارەساتەکانی بەسەر فەلەستین و عەرەبدا هاتوون داناوە.
پارچە مووزیکێکی هەیە بە نێوی{ عامریە} بۆ ئەو عێراقیانەی داناوە کە لەسەووەختی جەنگی ڕزگارکردنی کوێتدا لەپەناگایەکی گەرەکی عامریە لە بەغدا کوژران.لەهەر وڵاتێک کە کۆنسەرت سازدەکات دەبێت ئەو پارچە مووزیکە بژەنێت.من پرسیارێک لە

نەصیر دەکەم و دەڵێم ئەرێ قوربانیەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و هەشت هەزار بارزانی ویژدانی مردووتی نەبزواند تا پارچە مووزیکێکیان پێشکەش بکەیت
؟ یاخود بێ سەروشوێن کردنی 5000 گەنجی فەیلی لەکن تۆ ئەوەندە بەهایان نەبوو بەدوو ووشە لە شونێک، بۆنەیەک باسیان بکەیت؟
گریمان ئەوانە کوردنەبوون لێ خۆ مرۆڤ بوون باوەک کۆمەڵە مرۆڤێکی زۆرلێکراو هەڵوێستت بەرامبەریان دەربڕیایە.
ئەم مرۆڤە تائێستاش لەهیچ بۆنەیەکدا کوردبوونی خۆی نەدرکاندوە، کە ئەو پرسیارەشی لێ دەکەن لەوەڵامەکەی هەڵدێت. بگرە خۆشی بە عەرەب لەقەڵەم دەدات.
بەر لە ڕمانی ڕژێمی سەدام لە بۆنەیەکدا هێرشی توندی کردبوویە سەر یەکیەتی و پارتی بەوەی کە بەنیازن عێراق پارچەپارچە بکەن.

ئەمیرە الطحاوی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی میسری لە ماڵپەڕی{ الحوار المتمدن ژمارە268} دا بابەتێکی بڵاو کردووتەوە بە نێوی[سڵاو لە نصیر شەمە بەڵام]
من لێرەدا تەنها هەندێک بڕگەی گرنگی ئەو نووسینە وەردەگێرمە سەر کوردی.
ئەمیرە لە شوێنێکدا دەڵێت[چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی الحیاة لەندەنیدا ە هەواڵێکم لە بارەیەوە خوێندەوە کە دەبیژی نصیر شەمە مایسترۆ و شەیتانی عود و زریابی سەردەم ژەنیاری عێراقی{ عەرەب} ئەو کەسەی لە پایتەختەکانی جیهاندا ئاهەنگی بۆ سازدەکرێت.......]
لەشوێنێکی دیکەدا دەڵیت[لە یەکێک لە ئاهەنگەکانیدا ساڵی 1991 میلۆدیای عامریەی ژەند ، هاوکات باسی لە هێرشەکانی ئەمرئکا بۆ سەر عێراق کرد کە چ وێرانکاریەکی لێ کەوتەوە،هەروەها باس لە ئابڵوقەی ئابوری بۆ سەر عێراق دەکات . کەچی بە هیچ جۆرێک ڕژێمی سەدام مەحکوم ناکات.]
لە بڕگەیەکی دیکەدا دەبێژێت {لەو ئاهەنگە زۆرانەی لە مصر سازدەکران نصیر ئەستێرەیەکی ئەو ئاهەنگانە بوو، لەریزی پێشەوە باڵوێزی عێراق سڵتان شاوی و بەرێوەبەری دەزگای هەواڵنێری عێراق تالب سەعدون دادەنیشتن. دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە گوایە تالب سەعدون ڕێخۆشکەر بووە بۆ گەشتنی نصیر بە ئەڵقەی یەکەمی ئەهلی هونەر و مووزیک لە میسر.تەنانەت ئەوباسەش هەبوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر نصیر لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە دەژیا لە قاهرە ،خەرجیەکەشی لەلایەن باڵوێزخانەی عێراقەوە دەدرا.
هەندێک دەڵێن{ ئەمەش لە زمانی ئەمیرەوەیە} ئەستەمە گەنجیکی بەتەمەنی وەک ئەو بگاتە ئەو پۆست و ئاستە گەر پەیوەندی بە رژێمەوە نەبێت. نصیر لە عێراقدا

بەرپرسی چەندین پۆستی گرنگی بواری مووزیکی بوو، هەروەها بە ئارەزووی خۆی سەفەری دەرەوەی دەکرد. لەساڵەکانی 1989-1990-1991 دا خەلاتی ڕێزگرتنی سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی وەرگرتووە.}
ئەمیرە دەڵێت [نصیر بەشێکی زۆری داهاتی کۆنسەرتەکانی بە مندالانی عێراق و فەلەستین دەبەخشی، کە خۆشی شانازی پێوە دەکات و دەڵێت/وابزانم ئەرکی سەرشانی خۆم بەرانبەر فەلەستین و مندالانی عێراق بەجی گەیاندووە ./]
سەبارەت بە خزمەتکردنی مووزیکی عەرەب بەشانازیەوە دالێت[لەسەر ئاستی مەعنەوی سوپاس بۆ یەزدان کە توانیومانە فەرهەنگی عەرەب کە بەخۆشحاڵیەوە من نوێنەرایەتی دەکەم بگەیەنینە ئاستیکی جیهانی، وە توانیمان لە ئاستێکی بەرزدا وێنەیەکی شارستانی ئەو وڵاتە پێشکەش بکەین کە ئینتمام هەیە بۆی.]
ئەمیرە لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت[لە ڕەمەزانی 1999دا نصیر لە میسر میوانی هەمیشەیی زۆر لە ئاهەنگە کەلتووریەکان بوو. من و هەڤاڵێکم کە ماوەیەک لە عێراق ژیابوو چووینە لای، بەهەردوو زاراوەی
مسری و عێراقی سلاومان لێ کرد. پاشان بەکوردی Kurdi zani kak nasir?
بزەیەک گرتی لی وەڵامی نەدایەوە،پرسیارەکەم بە زاراوەی میسری دووپات کردەوەو گووتم مامۆستا نصیر بەریزت کوردیت؟بەم جۆرە وەڵامی دامەوە{پێویست بەم نەفەسە ڕەگەزپەرستیانە ناکات ئێمەهەموومان عێراقین و لە ژێر ئابلۆقەدابن}
بەجۆرێک لە پێداگرتن پرسیارەکەم بەجۆرێکی دیکە دووبارەکردەوە و پرسیم
مامۆستا دەڵێن بەڕێزت کوردی فەیلیت و .....نەزۆر نەکەم ڕێگەی نەدام قسەکانم تەواو بکەم بەرسیڤی دامەوە{ هەمووومان لە عێراق یەکسانین ،جیاوازی لە نێوان کورد وغەیری کورددانیە.}

ئەوە چییە پاڵ بە کەسێکەوە دەنێت نکوولی لە نەتەوەو ڕەسەنایەتی خۆی بکات؟ بگرە لەوە خراپتریش بەجۆرێک باس لە رژێمێکی چەوسێنەری وەک سەدام بکات کەگوایە جیاوازی لە نێوان نەتەوەکانداناکات.
ئەمیرە لەمەڕ پەیوەندی نصیر بە مخابەراتی عێراقیەوە دەڵێت {یەکیک لە نووسەرە عەرەبەکان بەنێوی سەمیر عەبید لە نووسینێکیدا سەبارەت بە نصیر گووتوویەتی ماڵەکەی خۆی وەک مۆڵگەی موخابەراتی عێراقی بەکار هێناوە.
هەر ئەمیرە دەبیژێت زۆر هەوڵم دا بەتەلەفون ڕاست و ناڕاستی ئەو مەسەلەیەی لێ بپرسم وەلێ ئەو بەردەوام خۆی بەسەرقاڵ نیشاندەداو گوایە کاتی نیە بۆ گفتووگۆ . لێ لەراستیدا خۆدزینەوەبوو لە پرسیارەکانی من.

ڕۆژنامەی میدیای ئازیز لە دوالاپەڕەی ژمارە 189 دا کورتە هەواڵێکی لەمەڕ نصیر شەمە بڵاوکردووەتەوە. هەواڵەکە سەبارەت بەو کۆنسەرتەیە کە نصیر لە ئەبووزەبی لە کۆتایی مانگی چواردا سازی کردوە، لەوێندەری لە پاڵ پارچە مووزیکی عامریدا پارچە مووزیکێکیشی ژەندووە بە نێوی شەقڵاوا.

پێدەچێت بەڕێزانی ستافی میدیا تەنها لەبەر ناوی شەقڵاوا ئەو هەواڵەیان بڵاوکردبێتەوە، وەک هەواڵێکی زۆر گرنگیان دەستکەوتبێت و ڕووداوێکی مێژوویی بێت.

لەڕاستیدا شەقڵاوا لەکن نصیر شارێکی عێراقیە وەک دیوانیەو بەسرەو کربلا، نەک بازێڕێکی کوردستانی.

نیشاندانی خۆشحاڵیشی بۆ بەرێز مام جەلال وەک سەرەک کۆماری عێراق، کەلە ئاهەنگەکەدا دەری بڕیوە، ئەوەش تەنها لە دیدی عەرەبێکی عێراقیەوە هاتووە نەک وەک کوردێک هەستی کوردایەتی بەو ڕووداوە بزوابێت.جابۆیە گەرەک بوو بەریزانی ستافی میدیا بەو هەواڵە بێ بایەخە هەڵنەپەرینایە.

halabja@ofir.dk